گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(4).Paper15

ڕێـكـەوتـی وەرگـرتـن: 05/03/2024
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 02/06/2024
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: 29/08/2024

# وشەی لێکدراوی کوردیی ناوەڕاست لە ڕوانگەی تیۆری بواربەندییەوە

**علی حمد عثمان[1] - دلێر صادق کانبی[2]**

diler.kanaby@soran.edu.iq ali.osman@soran.edu

[1]بەشی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2]بەشی کوردی، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی: وشەی لێکدراوی کوردیی ناوەڕاست لە ڕوانگەی تیۆری بواربەندییەوە، هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی وشەی لێکدراو لەڕوانگەی تیۆری بواربەندییەوە، لە چوارچێوەی مۆرفۆلۆجیی زانینیدا، کە بناغەکەی لە زەکی هەمەوەند (2011) وەگیراوە. گرینگی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە یەکەمین کارە بە زمانی کوردی و لەسەر وشەی لێکدراوی کوردیی ناوەڕاست لەڕوانگەی ئەم تیۆرە و لە چوارچێوەی مۆرفۆلۆجیی زانینییەوە ئەنجام دەدرێت. چەمک و واتای وشە لێکدراوەکان بەپێی تێڕوانین و ئەزمونی کەسەکان دەگۆڕێت و دەچنە ناو بواری جۆراوجۆر، ئەمەش گرفتەکەیە. ئامانج وایە لە ڕوانگەی تیۆری بواربەندییەوە، بگەینە جۆرێک لە چارەسەر و ئەو بوار و لایەنانە دیاریبکەین کە ناوی لێکدراو و هاوەڵناوی لێکدراوی کوردیی ناوەڕاست لەخۆدەگرن. لێرە لە وشە لێکدراوەکاندا تەنیا ناوی لێکدراو و هاوەڵناوی لێکدراو وەک نمونە شیدەکرێنەوە. لە دیاریکردنی کەرەستەکانی ئەم توێژینەوەش، سەرەڕای سود وەرگرتن لە سەلیقەی زمانیی توێژەر، کە خۆی ئاخێوەری کوردیی ناوەڕاستە و وشە لێکدراوەکانیش داتای کتێبخانەیین، لەو سەرچاوانە وەرگیراون، کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتون. توێژینەوەکە لە پێشەکی و دو بەش پێکهاتوە لەگەڵ ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان. لە ئەنجامدا، ئەو بوار و لایەنانە دیاریدەکرێن کە ناوی لێکدراو و هاوەڵناوی لێکدراوی کوردیی ناوەڕاست لەخۆدەگرن، کە لە ڕێگای جیاکردنەوەی دو جۆرە پۆلدا شرۆڤە دەکرێن: یەکەم، وشەی لێکدراوە پۆل جیاوازەکان (Inter-class words). دوەم، وشە لێکدراوە پۆل لەیەکچوەکان (Intra-class words).

**کلیلە وشەکان:** بواربەندی، وشەی لێکدراو، مۆرفۆلۆجیی زانینی، بوار، لایەن.

## 0. پێشەکی:

**ناونیشانی توێژینەوەکە**: "وشەی لێکدراوی کوردیی ناوەڕاست لە ڕوانگەی تیۆری بواربەندییەوە"، هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی وشەی لێکدراو لەڕوانگەی تیۆری بواربەندی، لە چوارچێوەی مۆڕفۆلۆجیی زانینیدا.
وشەی لێکدراو، بەرهەمی پرۆسەی لێکدانە و لە زمانی کوردیشدا، ئەم پرۆسەیە چالاکە و زمانەوانانی کوردیش لە سەرەتای بایەخدان بە زمان و زمانەوانی تا ئێستا، لە نوسین و توێژینەوەکانیاندا بایەخیان بە وشەی لێکدراو داوە. **کێشەی توێژینەوەکە**: تا ئێستا تێکەڵییەک لە خستنەڕوی واتای تەواوی هەندێک لەو وشە لێکدراوانە بەدیدەکرێت و بواربەندی بۆ وشەکان ئەنجام نەدراوە.
**گرینگی توێژینەوەکە**: جیاوازی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشخۆی لەوەدایە، کە یەکەمجارە لە ڕوانگەی تیۆری بواربەندی و مۆڕفۆلۆجیی زانینیدا[1]، بواربەندی بۆ ناوی لێکدراو و هاوەڵناوی لێکدراوی کوردی دەکات.
**ئامانجی توێژینەوەکە:** ناساندنی تیۆری بواربەندی و شیکارکردنی وشەی لێکدراوی کوردیی ناوەڕاست لە ڕوانگەی تیۆرەکەوە. ئەمەش لە ڕێگای جیاکردنەوەی بوار و لایەنە جۆراوجۆرەکانی وشەکان ڕونترکردنەوەی.
**ڕێبازی توێژینەوەکە**: توێژینەوەکە وەسفییە.
**داتای توێژینەوەکە**: بۆ کەرەستەکانی توێژینەوەکە، سود لە سەلیقەی توێژەر وەرگیراوە و وشە لێکدراوەکانی بەکارهاتوش، داتای کتێبخانەیین و لەو سەرچاوە کوردیانە وەرگیراون، کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتون. هاوکات وەکو داتای تەواوکاری، سود لە کۆمەڵێک فەرهەنگی زمانی کوردی وەرگیراوە، کە لە سەرچاوەدا ئاماژەیان بۆ کراوە. **ناوەرۆکی توێژینەوەکە**: وێڕای ئەم پێشەکییە و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، توێژینەوەکە لە دو بەش پێکهاتوە: بەشی یەکەم، جەخت لەسەر تیۆری بواربەندی دەکاتەوە وەک بەشێک لە مۆڕفۆلۆجیی زانینی و لەگەڵ خستنەڕوی گرینگی تیۆرەکە لە دیاریکردنی واتای وشەی لێکدراودا. بەشی دوەمیش، لە ڕێگای دابەشکردنی بوارەکان بەسەر دو کۆمەڵە بوار و لایەنە تایبەتییەکانییاندا، جەخت لەسەر لێکدانەوەی ناوی لێکدراو و هاوەڵناوی لێکدراوی کوردیی ناوەڕاست دەکاتەوە، لە ڕوانگەی تیۆری ناوبراوەوە.

## 1. تیۆری بواربەندی

بواربەندی یەکێکە لە سێ تیۆرەکەی مۆڕفۆلۆجیی زانینی، کە بۆ ڕونکردنەوەی واتای یەکە لێکسیکییەکان کاری لەسەر کراوە. بنەمای تیۆریی هەر سێ تیۆرەکە، زەکی هەمەوەند لە لانگاکەر (1987، 1991)ی وەرگرتوە و لە پراکتیکییەکەشدا، هەمەوەند (2007، 2008، 2009)ی کردوە بە بنەما. (Hamawand 2011, xi) بۆ ئەم توێژینەوەیەش، لەڕوی تیۆری و پراکتیکی سود لە (هەمان سەرچاوە) وەرگیراوە. بە پێی تیۆرەکە، کەرەستە لێکسیکییەکان دەکرێن بە گروپی جیاجیا بەپێی ئەو کۆزانیارییەی مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا فێری بوە و لە یادگاکەیدا هەڵگیراوە.

**1.1. بواربەندی: ڕیشە و واتا**

بواربەندی وەک پڕۆسەیەکی زانینی لە زمانی کوریدا زاراوەیەکی نوێیە و لەم توێژینەوەیەدا، لە بەرانبەر زاراوەی ئینگلیزی (configuration)دا بەکارهاتوە. ڕیشەی وشە ئینگلیزییەکە دەگەڕێتەوە بۆ زمانی لاتینی (configūrāre) و لەوێ بە واتای؛ (لەقالبدان) و (شێوەدیارکردن) هاتوە. هەبونی فۆرمی (figūr) لەناو کۆی وشەکەدا، بیرۆکەی لە قاڵبدانی فۆرمێکی بەرجەستە دەخاتەڕو. (https://www.vocabulary.com/dictionary/configuration). لە زمانی عەرەبیدا، وشەی لەیەکتر جیاوازی بۆ بەکارهاتوە، وەک؛ (الترتيب، التشكيل، الاعداد، تهيئة، تكوين...الخ) (https://hamariweb.com/dictionaries/configuration_arabic-meanings.aspx)، (المجالات)یش بەکارهاتوە. بەکارهێنانی زاراوەی بواربەندی لەم توێژینەوەیەدا، لەسەر بنەمای پێوانەیە لەگەڵ هەندێک زاراوەی هاوبواری خۆیەتی، وەک؛ پۆلبەندی، خاڵبەندی...هتد.

کاتێک بواربەندی بریتیبێت لە ڕێکخستن و پڕۆسەی ڕێکخستنی بەشەکان بۆ پێکهاتنی گشت، ئەوا دەکرێت بەشەکان لایەن بن و گشتیش بوارێک بێت. وەک لە فەرهەنگی لۆنگماندا وا هاتوە کە:"بواربەندی: بریتییە لە شێوەو ڕێکخستنی بەشەکانی شتێک". (Quirk 2003:324)، هەروەها بواربەندی لە فەرهەنگی کۆلینسدا، بە ڕێکخستنی گروپێک لە شتەکان، پێناسە دەکرێت (Hogan 2009: 317). بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە ناوەرۆکی تیۆری بواربەندی، پێویستە لە واتای بواربەندی تێبگەین. بواربەندی بەپێی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد، بریتییە لە ڕێکخستنێکی بەشەکانی شتێک یان کۆمەڵە شتێک.

(https://www.oxfordlearnersdictionaries.com/definition/english/configuration). بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە واتای بواربەندی، پسپۆڕان هەر بوارێک بە خانویەک دەچوێنن، کە کۆمەڵێک ژوری جیاجیای تێدا هەیە. هەر ژورێک تایبەتمەندی خۆی هەیە. خانوەکە لە واتا گشتییەکان هاوبەشە. بەڵام واتا تایبەتییەکانی هەر یەکەیەک دەچێتە ژوری تایبەت بەخۆی.

**2.1. بواربەندی لە زمانەوانیی زانینییدا**

زمانەوانی زانینی وەک مۆدێلێکی نوێی زمانەوانی لە دوای (1970)ەوە لەلایەن جۆرج لاکۆڤ، ڕۆناڵد لانگاکەر، لیۆناردۆ تالمی و چەندان زانایتر سەریهەڵدا و گەشەی پێدرا. بەپێچەوانەی قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، کە زیاتر جەخت لەسەر پوختی و تۆکمەیی ڕستە دەکرایەوە و واتا پەراوێزخرابو، لەم مۆدێلەدا بایەخ بە پێکهاتەی زمان و دەوروبەری زمانی دەدرێت، لەڕوی بنەما و میکانیزم و پڕۆسە زانینییەکان.

سەرەڕای پەرەپێدانی ڕێبازی تایبەت بە خۆیان و کارکردن بە تیۆری نوێ لە لێکدانەوە و پێناسەکردنی زماندا، زمانەوانانی زانینی لەسەر ئەم ڕایە کۆکن، کە واتە بەشی سەرەکی زمانە و پێویستە لە توێژینەوەکاندا بایەخی پێبدرێت و دەڵێن: "ڕۆنانە زمانییەکان خزمەت بە ئەرکی دەربڕینی واتا دەکەن و

ئەمەش نەخشەسازییەکانی نێوان فۆڕم و واتا دەکاتە بابەتی سەرەکی بۆ لێکدانەوەی زمان".(ICLA 2024) هەر لەسەر بنەمای ئەزمونەکانی ئەم نەخشەسازییەش، قسەکەر بواربەندی بۆ یەکە زمانییەکان دەکات. بواربەندی لە زمانەوانیی زانینیدا وەک شێروان حوسێن خۆشناو دەڵێت: "یەکێکە لە ڕەهەندەکانی تیۆری مەعریفی، لەسەر بنەمای بوارە مەعریفییە جۆراوجۆرەکان ئەنجام دەدرێت..... ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی لە ڕێگای زانیارییە پاشخانییەکانی قسەپێکەری زمان، کە لە ئەزمون و بیروباوەڕ و کەلتورەکەیەوە سەرچاوەی گرتوە، بەدیدێت". (خۆشناو 2024). کەواتە ئەگەر ئەو گۆڕانە واتایەی لە بوارە واتاییەکان ڕویەدا بە هۆی فراوانبون و تەسکبون و گۆڕانە واتاییەکانیتر بوبێت، ئەوا لە گۆڕانی واتا لە زمانەوانیی زانینیدا لە ئەنجامی گۆڕانی ئەزمونی قسەپێکەرانی زمانە و دەشێت هەر وشەیەک بەپێی واتاکەی بچێتە ناو بوارێکی زەینی و دەشێت بچێتە ناو چەند بوارێک لەم بوارانەدا.

### 3.1. بواربەندی لە مۆڕفۆلۆجیدا

بواربەندی وەک پرۆسەکی ڕێکخستن لە تەواوی زانستەکان بەگشتی و زمانەوانی بەتایبەتی، ڕۆڵێکی پێڕەوبەندانەی هەیە. بۆیە ئەم پرۆسەیە لە ئاستی دەنگ و ڕێزمان (وشە و ڕستە) و واتادا، ئەو ڕۆڵە کاریگەرەی خۆی، بۆ ڕێکخستنی زمان دەخاتەگەڕ. بۆنمونە بواربەندی لە ئاستی مۆڕفۆلۆجیدا، کە ئەم توێژینەوەیەی تێدا ئەنجام دەدرێت، بەو واتایە دێت، کە چۆن مامەڵە لەگەڵ یەکە مۆڕفۆلۆجییەکان دەکرێت و چۆن هەریەک لەو یەکانە دەچنە ناو بوارێک یان چەند بوارێک. بۆ تێگەیشتن لە واتای یەکەیەکی مۆڕفۆلۆجی، زمانەوانان ڕایان وایە، پێویستە ڕەچاوی دو خاڵ بکرێت؛ یەکەمیان، نیشانە و ئەدگارەکانی ئەو بوارەی یەکەکەی تێدا دەردەکەوێت. دوەمیان، نیشانە و ئەدگاری ئەو یەکانە کە دەچنە ژێر کەپری بوارەکە. لە مۆڕفۆلۆجیدا، دو پرۆسەی لێکدان و داڕشتن ئەنجام دەدرێن. لە پرۆسەی لێکداندا وشەی لێکدراو بەرهەم دێت (کە ئەم توێژینەویەی بۆ تەرخانکراوە). لە پرۆسەی داڕشتنیشدا، بەهۆی گیرەکەکانەوە وشەی داڕژراو دروست دەبێت.

زمانی کوردی یەکێکە لەم جۆرە زمانانە، کە وشەی دارژراویان لە ڕێگای گیرەکەکانەوە تێدا دروستدەکرێت. بۆیە دەشێت گیرەکەکان بەسەر ئەو بوارانەی وشە داڕژراوەکەیان تێدا پۆلێن دەکرێت دابەشبین. بواربەندی لە گیرەکەکاندا کاتێک ئەنجام دەدرێت، کە بزانرێت ئاخۆ لەهەر بوارێکی واتاییدا، چەند گیرەک ڕۆڵیان هەیە لە دروستکردنی ئەو وشانەی دەچنە ناو بوارەکە. بۆ نمونە شیروان حوسێن خۆشناو لە تێزی دکتۆراکەیدا، مۆڕفیمە بەندەکانی زمانی کوردی، لە دروستکردنی وشەی نوێ لە زمانی کوردیدا، بەسەر حەفت بوار دابەش دەکات. کە بریتین لە؛ شوێن، پیشە، بچوککردنەوە، نابەرجەستەیی، نەرێی فەرهەنگی، هاوەڵناوی بکەری و هاوەڵناوی کراو. هاوکات مۆڕفیمەکانی بەند لە زمانی فارسیدا، کە دەچنە ناو ئەم حەفت بوارانە دەستنیشان دەکات. (خۆشناو 2016، 148-245) لەوێدا دەستنیشانی هەمو ئەو مۆڕفیمە بەندانە دەکاتەوە کە دەچنە ناو هەر بوارێک لەو بوارانە. لە ڕاستیدا ئەم کارەی شیروان حوسێن خۆشناو لە ڕوانگەی مۆڕفۆلۆجیی زانینی ئەنجام نەدراوە. سەبارەت بە بواربەندی لە

گیرەکەکانی زمانی کوردی بەپێی مۆرفۆلۆجیی زانینی، تێزەکەی ئازاد حەسەن فەتاحە، کە بە زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی سلێمانی ئەنجام دراوە و تایبەتە بەم باسە. (FATAH 2012, 184-211). لە تێزەکەدا تویژەر لە ڕوانگەی مۆرفۆلۆجیی زانینیدا، بەراوردی گیرەکە کوردی و ئینگلیزییەکان دەکات.

زاراوەی بوار و بواربەندی، پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ کراوە، بەڵام لە چوارچێوەی مۆرفۆلۆجیی زانینیدا، بوار وەک ئازاد حەسەن فەتاح ئاماژەی بۆ دەکات؛ بەپێی ڕای تایلەر بریتییە لە هەر زانیارییەکی بواربەندی، کە لە چەمکسازیدا بۆ دەق زیاددەکرێت و بەپێی تێڕوانینی هەمەوەندیش:" بوار پاشخانێکی کۆزانیارییە، کە لەم ڕووەوە دەتوانرێت واتای یەکە لێکسیکییەکان بەدروستی وەسف بکرێت. کۆزانیارییەکە لەسەر بنەمای ئەو ئەزمونانەیە، کە لە بیروباوەڕ و دابونەریت و کاری ڕۆژانە وەرگیراون. بۆ نمونە گیرەکەکانی (like-، oid-، -para، -mock و -neo)، لە بواری لێکچوندا کۆدەبنەوە، بەڵام هەریەکەیان لایەنێکی دیاریکراو داگیردەکەن و بەم شێوەیەش واتای تایبەت بەخۆیان هەیە". (Hamawand 2011, 265)کەواتە لە ڕێگای بواربەندییەوە، دەتوانرێت پێناسەیەکی وردی چەمکە تایبەتییەکانی یەکەیەکی لێکسیکی بکرێت و هەر یەک لەم یەکانەش لە ڕێگای ئەو بوارەی تێیدا دەردەکەوێت بەڕونی دەناسرێتەوە. بۆ نمونە، فەتاح لە توێی تێزەکەیدا، گیرەکە ناوسازەکانی زمانی کوردی لە دوازدە بواردا کۆدەکاتەوە؛ ئامێر، خاوەندارێتی، شوێن، چەندایەتی/ڕادە، بچوککردنەوە، پیشە، ناوی بەرکار، دۆخ، پرۆسە، پارێزگاری، شت، دیاردەی نەخۆشی. کەواتە هەر بوارێک پەیوەستە بەو کۆزانیارییە بواربەندییەی، کە لەبەر وێکچون یەکە زمانییەکەی تێدا کۆدەبێتەوە. ئەو وێکچونەش بە چەمکیک ئاماژەی بۆ دەکرێت و زاراوەیەکی بۆ دادەنرێت. (FATAH 2012, 184-207). لە پاری دوەمدا، ئەو چەمکانە دیاریدەکەین کە دەبن بە بوار و لایەن بۆ وشەی لێکدراوی کوردیی ناوەڕاست.

**4.1. بواربەندی لە پرۆسەی لێکداندا**

سەبارەت بە پرۆسەی لێکدان لە ڕوانگەی مۆرفۆلۆجیی زانینییەوە زەکی هەمەوەند دەڵێت: "بواربەندی بەو کردارە زەینییە دەگوترێت، کە کۆمەڵە یەکەیەکی لێکسیکی لە بوارێکی زانینیدا بەیەکەوە کۆدەکاتەوە. یەکە لێکسیکییەکان هەمان بواری چەمکی و واتاییان هەیە، بەڵام لە تایبەتمەندییەکانیاندا لە یەکتر جیاوازن". (Hamawand 2011, 264) لە کردارە زەینییەکاندادا مامەڵە لەگەڵ ئەو بوارە زەینییە جۆراوجۆرانە دەکرێت، کە کۆزانیاریی پێشنمونەیین و هەریەکەیان کۆمەڵێک یەکەی لێکسیکی تێدا هەیە. ڕەگی پەیوەندی بوارەکە و یەکە لێکسیکییەکانی ناوی، لەو ئەزمونانە سەرچاوەدەگرێت، کە بیروباوەڕ و چەمک و کردەی مرۆڤەکانە لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا. هەر بەپێی ئەو ئەزمونەی ژیانی ڕۆژانەمان، کۆزانیاریمان لە مێشکماندا هەڵگیراوە.

لە سەرەتای باسکردنی بواربەندیدا، ئاماژەپێکراوە، کە لانگاکەر لە دانانی بنەما تیۆرییەکانی ڕێزمانی زانینی پێشەنگ بوە. بەڵام ئەم کارەی ناوبراو زیاتر بۆ کەسانی شارەزا بوە. تایلەر( TAYLOR2002: xii+621) لە ڕێگای کتێبە حەوت بەشەکەی(Cognitive grammar)دا، چەمکە سرک و وردەکانی لانگاکەری،

لە ڕێگای زمانێکی سەرنجڕاکێش و دەقێکی شیاو خستە بەردەستی خوێنەر و توێژەران. لە م کتێبەدا تایلەر ڕونیدەکاتەوە، کە هەمو یەکە زمانییەکان سێ شتیان تێدا بەدیدەکرێت؛ (ڕۆنانی واتایی، ڕۆنانی فۆنۆلۆجی و پەیوەندییە هێماییەکان)، کە هەرسێیان تەواوکەری یەکترن. هەرچەندە لانگاکەر و تایلەر بەگشتی کاریان لەسەر ڕێزمانی زانینی کردوە و ڕستەش زۆرترین کاری لەسەرکراوە، بەڵام تایلەر ڕای وایە، کە ڕێبازی ڕێزمانی زانینی تەنیا ئاستێکی سەربەخۆی ڕێکخستنی سینتاکسی نییە، بەڵکو وەک هەر یەکەیەکی تری زمانیی، خاوەنی فۆڕم و واتا و هێمایە. چەمکسازیش لەم جۆرە ڕێزمانەدا، لە واتا فراوانترە و وردتر دەبینرێت. تایلەر لە بەشی سێیەمی کتێبەکەیدا، مۆرفۆلۆجیی ڕوندەکاتەوە (CAMERON-FAULKNER 2002:?) ئەوەی تێبینی دەکرێت زەکی هەمەوەند(2011)، توانیویەتی کار لەسەر مۆرفۆلۆجیی زانینی بکات و یەکە لێکسیکییەکانی زمانی ئینگلیزی، لە ڕێگای سێ تیۆری؛ پۆلبەندی، بواربەندی و چەمکسازی شیکاربکات، کە لە ناویاندا وشەی لێکدراوی لە ڕوانگەی بواربەندیدا تێدایە.

بۆ ئەوەی ڕونتر لە واتاو پێکهاتەی وشە لێکدراوەکان تێبگەین، پێویستە سەرەتا لەڕوی بواربەندییەوە پۆلینیان بکەین. لەم ڕووەوە زەکی هەمەوەند بە سودوەرگرتن لە ڕای زمانەوانانی بوارەکە دەڵێت: "بۆ تێگەیشتن لە واتای هەر وشەیەکی لێکدراو، پێویستە تایبەتمەندییەکانی ئەو بوارە بزانین، کە وشە لێکدراوەکەی تێدا دەردەکەوێت، لەگەڵ تایبەتمەندیی ئەندامە هاوبەشەکانی تری بوارەکە." ( Hamawand 2011, 217). ئامانجیش لەم توێژینەوەیەدا، دیاریکردنی ئەو بوارانەیە، کە وشە لێکدراوەکانی کوردیی ناوەڕاست تێیدا دەردەکەون و دیاریکردنی کەوشەنی واتایی ئەو جۆرە وشانەیە.

گرینگی تیۆری بواربەندی لە وەسفکردنی واتای وشە لێکدراوەکان لە ڕێگای خستنەڕوی چەند بوار و لایەنەوە هەڵسەنگێندرێت و نمونەی تایبەت بە خۆیان دەخرێتەڕو، هەندێک نمونە بەڕونی شیدەکرێنەوە. بوار لە مۆرفۆلۆجیی زانینیدا، بریتییە لە ناوچەیەکی چەمکیی تایبەت بە واتای وشە لێکدراوەکان. هەر بوارێک ڕۆنانێکی ناوەخۆی هەیە. بەڵگە و نمونە لەخۆدەگرێت و لەسەر بنەمای ئەزمون دامەزراوە. لایەنیش بەشێکە لە بوارێک، مامەڵە لەگەڵ تایبەتمەندییەکی دیاریکراوی ئەزمونێکدا دەکات. لە ڕێگای بوار و لایەنەکانەوە دەتوانرێت بگەین بە واتای وردی وشە لێکدراوەکان.

### 5.1 دابەشکردنی وشەی لێکدراو بەپێی تیۆری بواربەندی

لە دابەشکردنی وشە لێکدراوەکان بەسەر بوارەکانیاندا، لە سەرەتادا دەکرێن بە دو کۆمەڵە بوار؛ یەکەمیان، ئەو بوارانەی دەچنە ناو (Inter-word-class)، کە بە (وشە لێکدراوە پۆل جیاوازەکان) ناودەبرێن و لەوێدا، کێبڕکێ و ڕکابەری ئەو وشە لێکدراوانە هەیە، کە بۆ بەشەئاخاوتنی جۆراوجۆر دەگەڕێنەوە. بوارەکانیش لە زمانی ئینگلیزیدا بریتین لە؛ ئامانج، دروستکردن، شوێن، هۆکار و بەراوردکردن (Hamawand 2011, 218-223). دوەمیان، ئەو بوارانەی دەچنە ناو (Intra-word-class)، کە بە (وشە لێکدراوە پۆل لەیەکچوەکان) ناسراون و لێرەش کێبڕکێ لە نێوان ئەو وشە لێکدراوانە هەیە، کە بۆ هەمان بەشەئاخاوتن دەگەڕێنەوە. بوارەکانیشی لە زمانی ئینگلیزیدا بریتین لە؛ جوڵە، کارەسات، بێبەشی، مەیلداری، پێکچون،

ڕەگەز و پیشەکاری (Hamawand 2011, 219-231). لەسەر بنەمای ئەم دابەشکردنە، لە پاری دوەمدا وشە لێکدراوەکانی زمانی کوردی لێکدەدرێنەوە.

لە بواربەندیی وشەی لێکدراودا، پێڕەوی ئەو هەنگاوانە دەکرێت، کە لە تیۆرەکەدا ئەنجام دراوە؛ سەرەتا، ناوەرۆکی بوارەکە وێنا دەکرێت، ئەنجا نەخشی ڕۆنانی فرەلایەنییەکەی دەکێشرێت. پاشان، ئەو لایەنە تایبەتە دیاریدەکرێت، کە وشەیەکی لێکدراوی دیاریکراو چالاک دەکات. لە کۆتایشدا، بۆ ڕونکردنەوەی خەسڵەت و ڕەفتاری هەر وشەیەکی لێکدراو، نمونەی جۆراوجۆر دەخرێتەڕو.

## 2. لێکدانەوەی وشەی لێکدراوی کوردیی ناوەڕاست لە ڕوانگەی تیۆری بواربەندییەوە

لەم پارەدا بواربەندی بۆ ناوی لێکدراو و هاوەڵناوی لێکدراوی کوردیی ناوەڕاست دەکەین، لەبەر ڕۆشنایی کاری زەکی هەمەوەند (2011) لە مۆرفۆلۆجیی زانینیدا. هاوکات لە دو پۆلی جیاکراوەدا، پێڕەوی هەمان هەنگاو دەکەین، کە لە تیۆرەکەدا ئەنجام دراون.

بۆ تێگەیشتن لە تیۆری بواربەندی پەیوەست بە وشە لێکدراوەکان، سەرەتا پێویستە لە ڕۆڵی واتایی وشە لەیەکدراوەکان تێبگەین، لە کاتی ڕۆنانی وشەی لێکدراودا. ئەمەش لە گریمانە زانینییەکەوە سەرچاوە دەگرێت، کە پێیوایە پێویستە بەباشی لە یەکە زمانییەکان تێبگەین لە بەرانبەر ئەزمونە جەستەییە تایبەتییەکانی مرۆڤ، کە بە بوار (domain) ناسراون، وەک دەگوترێت، وشە لێکدراوەکان بواری جۆراوجۆر دروست دەکەن.

لە تیۆری بواربەندیدا، دەبینین هەمەوەند لە درێژەی ڕونکردنەوە وردەکانیدا، بۆ واتای وشە لێکدراوەکانی زمانی ئینگلیزی پەنا دەباتەبەر ئەو لایەنە تایبەتیانەی ئەو وشانە لە ناو بوارە جۆراوجۆرەکاندا هەیانە. جا وشەکان بۆ بەشە ئاخاوتنی جیاواز بگەڕێنەوە یان بۆ هەمان بەشە ئاخاوتنی وشەکە خۆی. هەر یەک لەم دو پۆلە، وەک لە تیۆرەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە، لە سێ هەنگاودا ڕون دەکرێنەوە؛ یەکەم، ڕونکردنەوەی کرۆکی بوارەکە و دەستنیشانکردنی ڕۆنانە فرەلایەنەکانی. دوەم، ناساندنی لایەنە تایبەتییەکەی، کە هەڵگری چالاکییەکانی وشەلێکدراوەکەیە. سێیەم، ئەو نمونانە دەخرێنە بەردەست بۆ ڕونکردنەوە و سەلماندنی ڕەفتاری دیار و جیاکەرەوەی هەر وشەیەکی لێکدراو.

لێرەدا ئەرکی واتایی یەکە پێکهێنەرەکانی وشەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا دەخەینەڕو. ئاخۆ لە چ بوارێک دەردەکەون، هاوکات جێگۆڕکێی ئەم یەکانە، چ گۆڕانێک لە بوارەکانیاندا پەیدادەکات؟ بونی دو مۆرفیمی سەربەخۆ یان زیاتر لە وشەیەکی لێکدراودا، بە واتای دو وشەی سادە یان زیاتر، کە مەبەست لە وشەکان ئەو دو یەکە پێکهێنەرەی وشە لێکدراوەکەیە. جا ڕێگای هەڵبژێردراو بۆ زانینی واتای هەریەک لەم یەکانە، دەستنیشانکردنی ئەو بوارەیە، کە وشەکەی تێدا دەردەکەوێت. بە جێگۆڕکێی یەکەکان ئەو بوارەی وشە لێکدراوەکەی تێدایە چی بەسەردێت؟

بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، پشت بە دو بنەمای سەرەکی ڕێزمانی زانینی دەبەسترێت. یەکەمیان؛ واتای هەر یەکەیەکی دەربڕاو بەپێی نزیکی لەو بوارەی تێیدایە پێناسە دەکرێت. دوەمیان؛ ڕۆنانی سیمانتیکی هەر

یەکەیەکی زمانی، بەندە بە چەمکی ئەو کۆزانیارییەی مرۆڤ لە ئەزمونی ڕۆژانەی خۆی بنیاتی ناوە. ئازاد حەسەن فەتاح (FATAH 2012) لە تێزەکەیدا، پشتی بەم بنەمایانە بەستوە. هاوکات لە دیاریکردنی واتای گیرەکەکانی زمانی کوردیدا، پێڕەوی هەمان هەنگاوەکانی زەکی هەمەوەندی کردوە.

بنەمای هەڵبژاردنی سەرەوشە لێکدراوەکانیش، بەگوێرەی پێناسەی وشە لێکدراوەکانە، کە بەم شێوەیە لە زۆربەی سەرچاوە مۆرفۆلۆجییەکان پێناسەکراون. لای کاتامبا: "ناوی لێکدراو جۆرێکە لە وشەی لێکدراو، کە ناوێکی تێدایە و سەرەیە، جا سەرەکە لای ڕاست بێت یان لای چەپ... وشەکە بەلانی کەم لە دو بنکە پێکدێت، کە هەردوکیان وشەن یان مۆرفیمی ڕەگ...هەندێک جار بنکەکە گیرەکێکیشی پێوەیە. وەک؛ (hairdresser) و (kindhearted)". (KATAMBA 2006, 305-55-56). ناوی لێکدراو، کە لە پرۆسەی وشەلێکدان دروست دەبێت، پرۆسەکە لای مەحویی بریتییە لە: "خستنەتەکیەکی چەند مۆرفیمێکی سەربەخۆ یان زنجیرە مۆرفیمێکی سەربەخۆیە بۆ دروستکردنی وشەی لێکدراو، بەبێ یارمەتی یان بە هۆی مۆرفیمی لێکدەرەوە" (مەحویی 2021, 72). سەبارەت بەم جۆرە ناوە، زەکی هەمەوەند دەڵێت: "ڕۆنانێکە لە دو مۆرفیمی سەربەخۆ یان دو بەشەڕۆنانی لێکسیکی دروست دەبێت. وشە لێکدراوە نوێیەکە، دەربڕینێکە بە بیرۆکەیەکی نوێ." (Hamawand 2011, 203). کویرک لە کتێبەکەیدا دەڵێت: "عادەتەن وشەی لێکدراو تەنیا لە دو بنکە پێک دێت، لە ناوخۆیدا هەرچەند ئاڵۆزیش بێت". (Quirk et al. 1987, 1567). بەگوێرەی ئەم پێناسانە مامەڵە لەگەڵ فۆڕمی وشەلێکدراوەکان دەکرێت. بەتایبەتی پشت بەو پێناسەیەی پرۆسەی لێکدان دەبەستین، کە نازەنین دەڵێت: "کردەی پێکەوە بەستنی وشە فەرهەنگییەکانە، کە فۆڕمی سەربەخۆن لەگەڵ یەکتردا، یان بە مۆرفیمی بەندی (تاقانە، بنکەیی، خۆیی، ڕەگ) بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ (بێ ئامراز) یان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ (بە ئامراز) پێکدێت" (نازەنین جەلال ئەحمەد 2004، 84)، چونکە ئەم پێناسەیە بۆ وشەی لێکدراو لە کوردیی ناوەڕاست داڕێژراوە و بە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی ئەکادیمیشدا تێپەڕیوە.

## 1.2. لێکدانەوەی وشە لێکدراوە پۆل جیاوازەکان

کۆمەڵێک بوار دەچنە ناو ئەم کۆمەڵەیە، لەوێدا ئەو وشە لێکدراوانە ڕکابەری دەکەن، کە لە بەشەئاخاوتنی جۆراوجۆرن. ئەم وشە لێکدراوانە بواری جیاجیا پێکدەهێنن و لە ڕێگای ئەم بوارانەش، بە ئاسانتر دەتوانرێت، بە واتای تەواوی وشەکان بگەین. هەریەک لەم بوارانەش چەند لایەنێکی هەیە.

با لەدیدی زمانەوانانی مۆرفۆلۆجیی زانینییەوە، سەبارەت بە بابەتی وشەی لێکدراو، باشتر لە واتای بوار و لایەن (facet) بگەین. ئەو زمانەوانانە ڕایان وایە، کە بوار لە مۆرفۆلۆجیی زانینیدا، بریتییە لەو کۆزانیارییە کەڵەکەبوەی زەینی ئاخێوەران و هەر لەم ڕێگایەوە، دەتوانرێت واتای تایبەتی وشە لێکدراوەکان دەستنیشان بکرێت. لەسەر بنەمای لێکچون، وشە لێکدراوەکان بەسەر بوارەکاندا دابەش دەبن و هەر بوارێکیش، چەند لایەنێک لەخۆدەگرێت. هەر لایەنێکیش ڕەگەزێکە لە بوارێکدا و چەمکێکی تایبەت دەنوێنێت. هەرچەندە هەمو ئەو وشە لێکدراوانەی لە بوارێکدا کۆدەبنەوە، نوێنەرایەتی بواری خۆیان

دەکەن، بەڵام لە بەکارهێنانیاندا جیاوازییان هەیە (Hamawand 2011, 217). ئەم جیاوازییەش واتای جیاواز بە وشەی لێکدراو دەبەخشێت.

بە پێی ئەزمونی ژیانی مرۆڤەکان و ئەو ژینگەیەی وشەیەکی لێکدراوی لێبەرهەمدێت، هەر کەسانێک بە پێی تێگەیشتنی خۆیان، بە شێوەیەکی جیاواز چەمکی وشە لێکدراوەکە لێکدەدەنەوە و بەکاریدەهێنن. ئەوەی جێگای سەرنج بێت، لە بەشەڕۆنانەکانی وشەی لێکدراودا، هەمیشە سەرە لایەنی تایبەتی وشەکە دەوروژێنێت و هەر ئەویشە زیاتر گۆڕانکاری لە واتای وشە لێکدراوەکەدا دەکات. ئەو بوارانەی لەم کۆمەڵەیەدا، وشە لێکدراوەکانی کوردیی ناوەڕاست دەوروژێنن، ئەمانەی خوارەوەن.

### 1.2. 1. مەبەست (Purpose)

بواری مەبەست، بریتییە لەو مەودا کۆزانیارییە مەبەستەی، کە شتێک بۆ ئەنجامدانی هەیە یان کارێک بۆ ئەنجامدانی دەکرێت. وەک لە تیۆرەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە، هەر مەبەستێک لە دو[2] لایەندا یەکدەخرێت. لایەنەکان بریتین لە؛ ئامرازی گەیشتن بە مەبەستەکە، کە ناوێکی لێکدراوە و تایبەتمەندی ئەو ئامرازەی، کە بۆ گەیشتن بە مەبەستەکە بەکاردێت، کە هاوەڵناوێکی لێکدراوە. یەک لەدوای یەک لە ڕوی مۆرفۆلۆجییەوە بەم شێوەیە دروست دەبن؛ (ناو + ناو)، (هاوەڵناو + ناو). بۆ ڕونکردنەوەی زیاتری ئەم بوارە، هەندێک نمونە دەخەینە بەردەست؛ (بەردەحەمام، بەردەپا، بەردەنوێژ، بەردەبێر، گڵەسەر دارجگارە، دارەمەیت، تەنکاو، تێراو، شەیدای ئازادی،...هتد.)

ئەو وشە لێکدراوانەی، کە بۆ ڕونکردنەوەی بواری مەبەست هاتون، لە دوبنکە و ناوبەندێک پێکهاتون، لەڕوی واتاییەوە بەم شێوەیە شیدەکرێنەوە؛ هەردو بەشەڕۆنانی ناوی لێکدراوی (بەردەحەمام) ناون. مەبەست لە ناوهێنانی ئەو جۆرە بەردە بەکارهێنانییەتی لە ناو حەمام و لە کاتی خۆشوشتندا. (بەردەحەمام) واتا بەردێک، کە بۆ مەبەستی حەمامکردن بەکاردێت. یان (بەردەپا) واتا بەردێک، لە کاتی حەمامکردندا بۆ پاککردنەوەی پاژنە و بەرەپێ بەکاردێت. بە هەمان شێوە ناوی لێکدراوی (گڵەسەر)، واتە گڵێک، کە بۆ سەر بەکاردێت. یان ئەو گڵەی ئافرەتان بۆ جوان کردن و نەرم کردنی پرچیان، لەکاتی خۆ شوشتندا سەریان پێ دەشۆن. هاوەڵناوی لێکدراوی (تەنکاو)، کە لە دو بەشەڕۆنان پێکهاتوە، یەکەمیان (تەنک) هاوەڵناوە و دوەمیان (ئاو) ناوە. (تەنکاو) بە واتای تەنکە ئاو. تایبەتمەندی ئەو ئاوە نیشان دەدات، کە دوای کێڵانی زەوی بۆ یەکەمجار بە تەنگی ئاودێری پێدەکرێت، تاکو گڵەکەی نەڕوشێت. هاوەڵناوی (تێراو)یش، کە لە هاوەڵناوی (تێر) و ناوی (ئاو) پێکهاتوە، لە ڕستەی؛ (گەنمی تێراو پڕ دانە)، بە واتای گەنمێک تێر ئاو بێت دانی باش دەدات. وشەی (شەیدای ئازادی)، وەسفی کەسێک دەکات، کە بەمەبەستی ئازادی شەیدا بوبێت.

### 2.1.2. دروستکردن

بواری دروستکردن ئەو کۆزانیارییە کەڵەکەبوەیە، کە دەرکردەیەکی تێدایە لە کەرەسەیەکی تایبەت بەرهەم هاتوە. بەپێی تیۆری مۆرفۆلۆجیی زانینی، ئەمەش دولایەنی هەیە؛ ناوەکان، کە لە ڕوی مۆرفۆلۆجییەوە

(ناو + ناو)ن، ئەو ماددانەن بۆ دروستکردنی بەرهەمەکە بەکاردێن. هاوەڵناوەکان، کە لە ڕوی مۆرفۆلۆجییەوە (ناو + هاوەڵناو)ن، تایبەتمەندی ئەو ماددەیە نیشان دەدەن، کە بۆ دروستکردنی بەرهەمەکە بەکاردێت. وەک وشەکانی؛ (دەرگای دار، تکەی مریشک، بەرگ ڕەق، ...هتد.).

لە ڕوی واتاشەوە؛ ناوی لێکدراوی بواری دروستکردن، جەخت لەسەر ماددەی تێکردەکە دەکاتەوە، کە ماکی دروستبونی شتەکەیە. وەک وشەی (سینی فافۆن) بریتییە لە؛ سینییەک، کە لە فافۆن دروستکرابێت. (تکەی مریشک) بە واتای تکەیەک، کە لە گۆشتی مریشک دروستکرابێت. هاوەڵناوی لێکدراوی ئەم بوارەش، تایبەتمەندی ئەو ماددەیە نیشان دەدەن، کە بەرهەمەکەی لێ دروست دەکرێت. وەک هاوەڵناوی (بەرگ ڕەق)، کە لە ناوی (بەرگ) و هاوەڵناوی (ڕەق) پێکهاتوە. کتێبی (بەرگ ڕەق) ئەو کتێبەیە، کە بەرگەکەی لە ماددەیەکی ڕەق دروستکراوە.

**3.1.2ـ شوێن**

بواری شوێن مەکۆیەکی کۆزانیارییە و بریتییە لە شوێنی شتێک. بواری شوێنیش وەک بوارەکانی تر، بە پێی تیۆری مۆرفۆلۆجیی زانینی دو لایەن دەگرێتەوە؛ یەکەمیان؛ ناوی شتێک کە لە شوێنێکە و دوەمیان؛ هاوەڵناوێک، کە تایبەتمەندیی شوێنەکە نیشان دەدات. هەر لایەنێکی بوارەکە، جۆرێک وشە دروست دەکات. لە ڕوی مۆرفۆلۆجییەوە؛ ناو لە (ناو + ناو) و هاوەڵناو لە (ناو + هاوەڵناو) پێکدێت. وەک وشەکانی؛ ڕازەشاخ، ژانەسەر، سەرهێشان، پشتهێشە، قۆچبڕاو و قاچشکاو.

لە ڕوی واتاوە، وشەکانی ئەم بوارە بەم شێوەیە شیدەکرێنەوە؛ ناوی لێکدراوی (ڕازەشاخ)، کە لەدو بنکە و ناوبەندی (ە) دروست بوە. ناوی (ڕاز) واتە؛ "شاخی بڵند، تیشە بەردی سەر کێو" (شەرەفکەندی، 339). ناوی (شاخ)یش بە واتای کێو دێت. بەڵام ناوی لێکدراوی (ڕازەشاخ) بە واتای شوێنێکی بەرز لە ناوەڕاستی شاخێک، دار و تەڕاش و گژوگیای لێ ڕوابێت. وشەی لێکدراوی لایەنی دوەم (کێوەڕەش)، هەرچەندە ناوێکی تۆپۆنۆمییە بەڵام وەسفی شاخێک دەکات کە ڕەنگی ڕەشە، بۆیە هاوەڵناویشە. هاوەڵناوی لێکدراوی (قۆچبڕاو)، لە ناوی (قۆچ) و هاوەڵناوی (بڕاو) پێکدێت. بزنی (قۆچبڕاو) بریتییە لە بزنێک، کە قۆچێک یان قۆچەکانی بڕابن. ئەمەش بۆ ناسینەوەی بزنەکەیە، لە ڕێگای شوێنێکی کەلێندار لە جەستەیدا.

**4.1.2ـ هۆبون**

بواری هۆبون بریتییە لە بواربەندی کۆزانیاری، کە هۆی ڕودانی ڕوداوێک و پەیدابونی شتێک نیشان دەدات. هەر دو لایەن، کە تیۆری مۆرفۆلۆجیی زانینی لە هەر بوارێکدا لێکدانەوەی بۆ دەکات، لە بواری هۆبونیشدا بەم شێوەیەن؛ ناوی ئەو هۆکارەی کە ئەنجامێکی دەبێت، لەگەڵ وەسفی ئەو ئەنجامەی بەهۆی هۆکارەکە دێتەبەرهەم. کە لە ڕوی مۆرفۆلۆجییەوە، بە (ناو + ناو) و (ناو + هاوەڵناو) دەخرێنەڕو. وەک وشەکانی؛ هەتاوگاز عەمبارەسۆت، باوەری، سەرمابردو، ...هتد

بۆ هەر لایەنێک لە ڕوی واتاییەوە نمونەیەک شیدەکەینەوە؛ ناوی لێکدراوی (باوەری) کە بنکەی یەکەمی (با) و بنکەی دوەمیشی (وەری) دروست دەبێت. (باوەری) بەو جۆرە میوانە دەگوترێت باوەری (شەرەفکەندی1990)، کە بە هۆی باوە وەریون. یان ناوی پرۆسەی کەوتنەخوارەوەی میوەیەک لە دارەکەیەوە بەهۆی هێزی با. هاوەڵناوی لێکدراوی عەمبارەسۆت، (شێخانی2009) کە لە بنکەی یەکەمی (عەمبارە) بە واتای کۆگا و بنکەی دوەمی (سۆت) بە واتای سوتاو دروست بوە. قوماشی (عەمبارەسۆت) وەسفی قوماشێک دەکات کە بەکەڵکی بەکارهێنان ناهێت، بە هۆی زۆرمانەوەی لە کۆگادا.

### 5.1.2. بەراوردکردن

بواری بەراوردکردن بریتییە لە مەکۆیەکی کۆزانیاریی، کە شێوازی لێکۆڵینەوە و بەراوردکردن لە نێوان دو شت پیشان دەدات، تاکو جیاوازی و لەیەکچونی نێوان دیارییکات. بوارەکەش وەک لە تیۆری مۆرفۆلۆجیی زانینیدا هاتوە، لە دو لایەنەوە بەشەئاخاوتنەکان لە یەکتر جیادەکاتەوە: " یەکەم، ناوی ئەو شتەی کە وەک بنەمایەک بۆ بەراوردکردن بەکاردێت. دوەم، وەسفی ئەو تایبەتمەندییەی کە پێویستە بۆ بەراوردکردن تەرخانبکرێت.. کە وشە لێکدراوەکان لە ڕوی مۆرفۆلۆجییەوە بە (ناو + ناو) و (ناو + هاوەڵناو) دروست دەبن. بۆ نمونە وشەکانی؛ مارماسی، خۆخهەنجیر، سەرمازو، ...هتد.

لەڕوی واتاییەوە وشەلێکدراوەکانی ناو بواری بەراوردکردنیش بەم جۆرە شیدەکرێنەوە؛ ناوی لێکدراوی (مارماسی)، کە لە دو بنکەی (مار) و (ماسی) پێکدێت، هەردو بەشەڕۆنانەکە ناون. ناوی لێکدراوی (مارماسی) بە واتای (ماسییەک، کە لە شێوەدا وەک مار درێژ) دێت، نەک مارێک درێژ وەک ماسی. واتە بەراوردکردنی ماسییە بە مار. (خۆخهەنجیر) بریتییە لە خۆخێک، کە لە هەنجیر بچێت، نەک هەنجیرێک لە خۆخ بچێت. هاوەڵناوی لێکدراوی (سەرمازو) کە لە دو بنکەی (سەر) و (مازو) دروست بوە. سەرمازو، (ئاوەڵناو بۆ سیما و ڕواڵەت) (مەحویی2021: 474). بە واتای کەسێکی سەر بچوک یان کەسێک،کە سەری لە بچوکیان وەکو مازو بێت.

### 2.2. لێکدانەوەی وشە لێکدراوە پۆل لەیەکچوەکان

وشە لێکدراوەکانی ناو ئەم بەشە، کە سەر بە هەمان بەشە ئاخاوتنن، هەمیشە لە ناو خۆیاندا لە کێبڕکێ دان. هەر یەکە دەیەوێت خۆی بسەپێنێت، کە ناسنامەی واتایی وشە لێکدراوەکەیە لە بوارەکەدا. لە ڕاستیشدا هەر یەک لەم بوارانە، تاکە واتایەکیان نییە، بەڵکو واتای جیاوازیان هەیە. ئەو بوارانەی ئەم جۆرە وشە لێکدراوانە لەخۆدەگرن بریتین لە:

### 1.2.2. جوڵە (motion)

بواری جوڵە ئەو چوارچێوە کۆزانیارییەیە، کە جوڵەی تەنێک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەستنیشان دەکات یان شێوازی گۆڕانی ئاراستەی جوڵەکە پیشان دەدات. ئەم بوارە پێنج لایەنی هەیە، کە بریتین لە؛ 1. ئامانجی ئاراستەکردەکە، کە جوڵەکە ئاراستەی ئەوێ دەکرێت. 2. ئاراستەی جوڵەکە، کە ڕێک بەرەو ئامانجەکەیە. 3. جوڵە، کە جوڵەجوڵە بە دەوروبەرێکدا. 4. سنورداری، کە سنوردانانێکە بۆ جوڵەکە. 5.

دژبەیەکی، کە جوڵەکە دو ئاراستەی دژبەیەکی تێدایە. وشە لێکدراوەکانی ئەم بوارەش لە ڕوی مۆرفۆلۆجییەوە لە دو بنکە پێکهاتون (بەرەو/ڕوەو/دەور/....+ ناو)، کە یەکێکیان ناوێکە و ئەویتریش هاوەڵناوێکە وەک؛ (بەرەو)، (ڕوەو)، (دەور)،...هتد. کە وەسفی ئاراستەی جوڵەکە دەکات. وەک وشەکانی؛ بەرەوخۆر (حەسەن و تاهر،2000, 34)، بەرەوژور، ڕولەکابە، دەوری مەنجەڵ، گوللەبەند، کەرگێڕەوە، وەرزەبا، شنەی چیا،...هتد.

وشە لێکدراوەکانی نمونە لە ناو بواری جوڵەدا، کە هەر یەکەیان لە دو بنکە پێکهاتوە، لە ڕوی واتاوە بەم شێوەیەی خوارەوە، لایەنە جیاوازەکانی جوڵە ڕون دەکەنەوە؛ لە لایەنی یەکەمدا، ئامانجی ئاراستەکردن، (بەرەو + ناو) وەک لە وشەی (بەرەوخۆر)دا، کە لە دو بنکەی (بەرەو) و (خۆر) دروست دەبێت. (بەرەوخۆر)، واتە؛ جوڵەی کەسێک یان شتێک، کە ئاراستەکەی بەرەو خۆر بچێت. وەک بڵێیت: (زاناکان دەیانەوێت، ڕۆکێتێکی ئەزمونی بەرەوخۆر هەڵبدەن). لایەنی دوەم، ئاراستەی جوڵەکە، (ڕو+ ناو) وەک لە وشەی (ڕولەکابە)دا، کە بە هۆی (لە) و لێکدانی دو بنکەی (ڕو) و (کابە) واتە (ماڵی خودا) دروست دەبێت. (ڕولەکابە) واتەکەسێک یان کەسانێک، کە ئامانجیان ڕوکردنە کابە بێت. ئەم ڕوکرنە بەشێوەی هێڵێکی ڕاستە وەک مەبەستی نوێژکردن. لایەنی سێیەم کە جوڵەیە و (دەور+ ناو) لە وشەی (دەوری مەنجەڵ)دا، کە بنکەی (دەور) واتە (دەوروبەر) و بنکەی (مەنجەڵ) بە لێکدانیان بەهۆی (ی) دروست دەبێت. (دەوری مەنجەڵ) واتە؛ (جوڵەجوڵی کەسانێک و مانەوەیان، لە شوێنێکی بەخواردن و بێ ترس). وشەی (دەوری مەنجەڵ) زیاتر جەنگاوەرانی بەرەی شەڕ، بۆ ئەو کەسانەی لەهەڵمەتبردن و بەرگریکردن خۆیان دەشارنەوە، بەکاری دەهێنن. (شەقامی بازنەی)ش لە دو بنکەی (شەقام) و (بازنەیی) بەهۆی (ی) پێکهاتوە. شەقامی بازنەیی بە واتای شەقامێک دێت، کە بە شێوەیەکی بانەیی دەوری چەقێکی داوە و جوڵەی مرۆڤ و ئوتومبێل و شتەکانی تر لەم شەقامەدا بە شێوەیەکی بازنەییە. لایەنی چوارەمی جوڵەش سنوردارییە، (ناو+ بەند) لە وشەی (گوللەبەند)دا، کە لە دو بنکەی (گوللە) و (بەند) واتە لکاو یان نوساو، دروست دەبێت. (گوللەبەند) وەک لە فەرهەنگدا هاتوە: "گوللەبەن: دوعای خۆپاراستن لە گوللە" (شەرەفکەندی1990: 715)، کە مەبەستی دوعایە. بەڵام لێکدانەوەکەی بە واتای؛ (شتێک، کە ڕێگا لە جوڵەی گوللە دەگرێت و بەندی دەکات، تا نەگاتە ئامانجەکەی) دێت. بەم شێوەیەش وشەی لێکدراوی (کەرگێڕەوە)، بە واتای؛ (بەربەستێک، کە ڕێگا لە کەر و گیاندارەکانی تر دەگرێت و ئاراستەی جوڵەیان پێ دەگۆڕێت، تا نەبنە مایەی زیان). ئەم وشەیە سەرەڕای ئەوەی واتایەکی میتافۆریشی هەیە، کە لێرەدا مەبەست بەربەستەکەیە نەک واتا میتافۆرییەکەی.

لایەنێکی تری چەمکی دژبەیەکی لە بواری جوڵەدا هەیە بە دو شێوە؛ یەکەم، لە وشەیەکی لێکدراوی وەک (وەرزەبا)دا، سەرەڕای ئەوەی چەمکی کاتی تێدا بەدی دەکرێت، بەدو ئاراستەی دژبەیەک، چەمکی جوڵەی هەوای تێدایە. جوڵەیەک لە هاویندا، لە ئاوەوە بۆ وشکانییە و جوڵەکەی تر لە زستاندا، وشکانییەوە بۆ دەریا. دوەمیان، لە دو وشەی جیاوازی وەک (شنەی چیا) و (شنەی دۆڵ)، دو جوڵەی لە ئاراستەدا

دژبەیەکن. (شنەی چیا) جۆرە بایەکە بە شەو هەڵدەکات، ئاراستەی جوڵەکەی لە بەرزییەوە بۆ نزمییە یان لە چیا وە بۆ دۆڵ و پێشی دەگوترێت (شەوبا). بەڵام (شنەی دۆڵ) جۆرە بایەکە بە ڕۆژ هەڵدەکات، ئاراستەی جوڵەکەی لە نزمییەوە بۆ بەرزییە یان لە دۆڵەوە بۆ چیا و پێشی دەگوترێت (ڕۆژبا).

### 2.2.2ـ زیانلێکەوتن (Affliction)

بواری زیانلێکەوتن ئەو بناغە کۆزانیارییەیە کە پەسنی بارێک دەکات، لەو کاتەی کە بونەوەرێک توشی کارەساتێک دەبێت. ئەم بوارە دو لایەنی هەیە؛ لەناکاو و درێژخایەن (ناو/هاوەڵناو+ هاتن/ لێدان/ هەڵسان/....). لایەنی یەکەم وەک لە ناوەکەی دیارە، لەناکاو ڕودەدات و بەبێ ئاگاداربونی پێشوەختە، دەبێتە هۆی زیانکەوتن. لایەنی دوەمیش کە درێژخایەنە، ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت تا نامێنێت، یان تا کاریگەری زیانەکەی کەمتر دەبێتەوە. ڕەنگە کارەساتەکە چەند ساڵێک لەدوای یەک دوبارە ببێتەوە و ڕەنگە بەردەوامیش بێت. لە ڕوی مۆرفۆلۆجییەوە، هەردو لایەنەکە لە لێکدانی دو بنکە دروست دەبن، کە یەکێکیان ناوە و ئەویتریان بەشەئاخاوتنێکی ترە. وەک نمونەی لە ناکاو؛ قاتی هاتن، تەرزەکوت، تەرزەبارین ...هتد. هەروەها نمونەی درێژخایەن؛ کوللەلێدان، سنی لێدان، لافاوهەڵسان، وشکەساڵی، ...هتد.

وشە لێکدراوەکانی ئەم بوارەش کە هەر یەکەیان لە دو بنکە پێکهاتون، کە بەشەڕۆنانی یەکەمیان دیارخەرێکی ناوییە و بەشەڕۆنانی دوەمیش، ڕەگەزی کارەساتەکە نیشان دەدەن. لە ڕوی واتاوە بەم شێوەیە شیدەکرێنەوە؛ وشەی لێکدراوی (تەرزەبارین)، لە لێکدانی بنکەی (تەرزە) و بنکەی (بارین) دروست دەبێت. (تەزرەبارین)، کارەساتێکی لەناکاوە و زیان بە مرۆڤ دەگەیەنێت بە تێکدانی کشتوکاڵ، شکاندن و وەراندنی بەری داروبار، قوپاندنی ئوتومبێل، ...هتد. زۆرجار دەنکە تەزرەکان هەندە گەورەن زیانی ڕاستەوخۆ بە مرۆڤی بەرکەوتو دەگەیەنن. هاوەڵناوی لێکدراوی (تەرزەکوت) وەسفی ئەو ئوتومبێلانە دەکات، کە بە هۆی تەرزەی لەناکاو زیانیان پێکەوتوە و عەیبدار بون. وشەی لێکدراوی (وشکەساڵ)یش لە دو بنکەی (وشک) و (ساڵ) بەهۆی ناوبەندی (ە) دروست بوە. (وشکەساڵ) واتە: "ساڵی کەمباران" (شەرەفکەندی1990: 913). هەرچی (وشکەساڵی)یە، دیاردەیەکی سروشتیی درێژخایەنە لە هەندێک شوێن لەسەر گۆی زەوی. کاتێک ڕێژەی بارانبارین لە ئاستی سروشتی خۆی دادەبەزێت، ئەم کارەساتە دێتە پێش و زیان بە تەواوی ژینگە و زیندەوەرانی دەگەیەنێت. ئەمەش لە زۆر شوێندا کارەساتێکی چاوەڕوانکراوە. بە هەمان شێوە وشەی لێکدراوی (کوللەلێدان) لە دو بنکەی (کوللە) یان (کلۆ) و (لێدان) دروست دەبێت. ئەمە بە کارەساتێکی درێژخایەن هەژمار دەکرێت. چونکە هەر سەردەمێک (کولە) یان (سنی و کیسەڵە) کە جۆرە زیندەوەرێکی ترن، لە شوێنێک زیان بە کشتوکاڵ بگەیەنن، چەند ساڵێک دەمێننەوە و لەناو کشتوکاڵەکەدا گەرا دادەنێن تا کاتی گەرما و دواتر گەراکان دەتروکێن و دەبنەوە بە کوللە و سنی و کێسەڵەی نوێ. کەواتە (کوللەلێدان) کارەساتێکی چاوەڕوانکراوە، بۆ ئەو شوێنانەی دوچاری ئەم زیندەوەرانە دەبن.

### 3.2.2ـ بێبەشی (Dispossession)

بێبەشی وەک بوارێکی کۆزانیاری، ئاماژە بە بێبەشبونی بونەوەرێک لە شتێک دەکات، کە باشە بونەوەرەکە شتەکەی هەبێت، یان ئەگەر بونەوەرەکە ئەو شتەی نەبێت بۆی باشتر بێت. بواری بێبەشی لە تیۆری مۆرفۆلۆجیی زانینیدا، دو لایەنی هەیە؛ هەمیشەیی و کاتیی. بێبەشیی هەمیشەیی، بێبەشبونێکی بەردەوام و هەمیشەییە. بەڵام بێبەشیی کاتی جاربەجار و کاتییە. لە ڕوی مۆرفۆلۆجییەوە، هەریەک لە دو لایەنەکە، وشەکانیان لە دو بنکە پێکدێن، لە لایەنی هەمیشەیی، (کەم) لە بەشەڕۆنانی یەکەم و ناوێک لە بەشەڕۆنانی دوەمدا هەیە. وەک نمونەکانی؛ کەمهۆش، کەمقسە، کەمهێسک، ...هتد. بەڵام لە لایەنی کاتیی، (بێ) واتە (بەبێ) لە بەشەڕۆنانی یەکەم و ناوێک لە بەشەڕۆنانی دوەمدا هەیە. بۆ نمونە وشەکانی؛ بێ شەکر، بێ بژار، بێ تەم، بێ خەم، ...هتد.

لە ڕوی واتاییەوە وشە لێکدراوەکانی بێبەشیی هەمیشەیی بەم شێوەیە شیدەکرێنەوە؛ وشەی لێکدراوی (کەمهۆش)، کە دو بنکەیە، بە لێکدانی بەشەڕۆنانی یەکەم (کەم) و بەشەڕۆنانی دوەم (هۆش) دروست دەبێت. (کەمهۆش)، سیفەتی کەسێکە، کە بە هەمیشەیی گرفتی تێگەیشتنی هەیە. شیکردنەوەی وشە لێکدراوەکانی بێبەشیی کاتییش بەم جۆرەیە؛ وشەی لێکدراوی (بێ بژار)، کە دو بنکەیە، بە لێکدانی بەشەڕۆنانی یەکەم (بێ)[3] و بەشەڕۆنانی دوەم وشەی (بژار) دروست دەبێت. (بژار) بریتییە لە: "1/گیای خراپ لەناو زەرعات. 2/ دانەی بێگانە لەناو دانەوێڵەدا" (شەرەفکەندی1990: 55). زەوی (بێ بژار)، زەوییەکە، لە کاتی باسکردنیدا، هیچ بژارێکی لێ نییە. بەڵام ڕەنگە حاڵەتەکە کاتی بێت و دوای ماوەیەک بژاری لەناو پەیدابێت.

### 4.2.2- مەیلداری (Disposition)

مەیلداری وەک بوارێکی زانینی، بریتییە لە مەیلی بونەوەرێک لە کاردانەوەیەکی تایبەتی و ئەنجامدانی کارێک یان نواندنی ڕەفتارێک، لە بارودۆخێکدا. مەیلداری دو لایەنی هەیە کە بریتین لە؛ هوشیاری و مەیل. لە لایەنی یەکەمدا کە هوشیارییە، مرۆڤ چەمکەکانی بەکاردەهێنێت بۆ درککردن بە شتەکان و بە هوشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو شتانە دەکات و لێکیان دەداتەوە. لە ڕوی مۆرفۆلۆجییەوە لە دو بنکە پێکهاتوە، کە بەشی یەکەمی وشەکە ناوێکە و بەشی دوەمیش بەشە ئاخاوتنێکی ترە(ناو+ .....). بۆنمونە وشەکانی؛ سیاسەتمەدار، ئاژەڵپارێز، ...هتد. لایەنی دوەمیان کە مەیلە، بریتییە لە دەربڕینی مەیل و ئارەزو یان نیشاندانی ڕەفتاری دیاریکراو لە بارودۆخی جیاجیادا. مەیلیش دو جۆرە؛ مەیلی خوازراو و مەیلی نەخوازراو. لە ڕوی مۆرفۆلۆجییەوە، وشە لێکدراوەکانی ئەم لایەنە لە دو بنکە دروست دەبن؛ بەشی یەکەمی وشەکە ناوێکە و بەشی دوەمیش بەشە ئاخاوتنێکی ترە، کە خۆی وەک هاوەڵناو دەنوێنێت. نمونەی مەیلی خوازراو بریتین لە وشەکانی؛ خێرخواز، هەژاردۆست، ئەستێرەناس، ...هتد. نمونەی مەیلی نەخوازراویش بریتین لە وشەکانی؛ بەرتیلخۆر، ئاژاوەگێڕ، حەرامخۆر، شەڕخواز، ...هتد.

وشە لێکدراوەکانی بواری مەیلداری بەم شێوەیە شیدەکرێنەوە؛ وشەی لێکدراوی (سیاسەتمەدار)، کە بە لێکدانی دو بنکەی (سیاسەت) و (مەدار) بە واتای "کێڵگە، ئاشیکرە" (شەرەفکەندی1990: 824) دروست

دەبێت. وشەی لێکدراوی (سیاسەتمەدار) واتە (کەسێک، هەردەم هۆشی لەسەر سیاسەتە و کێڵگەی کارکردنەکەی بۆتە سیاسەت). یان (چۆن بەرداشی ئاش وەستانی بۆ نییە، ئەمیش لە کاری سیاسیدا نابێت بوەستێت). وشەی لێکدراوی (خێرخواز)یش، بە لێکدانی دو بنکە وشەی (خێر) و ڕەگی (خواز) دروست دەبێت. وشەی (خێرخواز) بە واتای کەسێک کە هەردەم بیری لە سەر خێرکردن بێت و خێر بکات). مەیلی خێرخوازی مەیل و ڕەفتارێکی خوازراوە لەناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا. وشەی لێکدراوی (ئاژاوەگێڕ)یش بە لێکدانی وشەی (ئاژاوە) کە بنکەی یەکەمە لەگەڵ ڕەگی(گێڕ) کە بنکەی دوەمە دروست دەبێت. (ئاژاوەگێڕ) واتە، کەسێک کە هەمیشە مەیلی لەسەر دروستکردنی ئاژاوەبێت یان ڕەفتاری ئاژاوگێڕانە بێت. کاتێک لە ئاخاوتندا، یەکێک دەڵێت: "کاکە لێی گەڕێ، ئەوا دەبەر دەگێڕێ". واتە (کاکە وازی لێ بهێنە، چونکە ئەو بەدوای شەڕ و فیتنەدا دەگەڕێت). هەڵبەت، مەیلی ئاژاوەگێڕی، ڕەفتارێکی نەخوازراوە لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا.

### 5.2.2ـ لەیەکچون (Resemblance)

بواری لەیەکچون بریتییە لە زەمینەی کۆزانیاریی لەیەکچونی دوشت، بۆ ئاشنابون و زیاتر بەهاپێدانی یەکێکیان لە ڕێگەی ناوبانگ و بەبەهایی ئەویتریان. ئەم لەیەکچونەش بە گوێرەی تیۆری مۆرفۆلۆجیی زانینی، دو جۆر لەیەکچونە ؛ لەیەکچون لە ڕوکەش و لەیەکچون لە ناوەرۆکدا، کە هەریەک لەم جۆرانەش دو لایەنی هەیە. لەیەکچون لە ناوەرۆکدا بۆ دو لایەنی ماددی و تایبەتمەندی دابەش دەبێت. لایەنی لەیەکچونی ماددی بریتییە لە لەیەکچونی شتێک بە کانزایەک یان شتی تر. وەک وشەی؛ ددانزێڕ، ئاوەزێڕ، بەرگ سلیکۆن، ...هتد. لایەنی لەیەکچونی تایبەتمەندیش بریتییە لە لەیەکچونی تایبەتمەندییەکانی شتێک لە تایبەتمەندییەکانی شتێکی تر. وەک وشەکانی؛ کفتەعەجەم، کوبەی موسڵ، سابونی حەلەب، ...هتد. لەیەکچونی ڕوکەشیش بۆ دو لایەنی چەشن و شێوە دابەش دەبێت. لەیەکچونی چەشنیی شتەکان، وەسفی شتێک دەکات، کە لە فۆرم و مۆدێل و پێکهاتەی شتێکی تر بچێت. بۆ نمونە وشەی؛ سەعاتی سویسری ...هتد. بەڵام لەیەکچونی شێوەیی شتەکان، واتە شێوازی لەیەکچونی دیزاین و دروستکردنی شتێک بەگوێرەی شێوازی لەیەکچونی دیزایین و دروستکردنی شتێکی تری ناودار و هەڵبژاردە. وەک وشەکانی؛ فەرەنگ ڕو، خۆخهەنجیر، مرادخانی، ستارخانی، ...هتد.

وشە لێکدراوەکانی بواری لەیەکچونی ناوەرۆکی، کە هەریەکەیان لە دو بنکە پێکهاتوە لە ڕوی واتاوە، بەم شێوەیەی خوارەوە شیدەکرێنەوە؛ هاوەڵناوی لێکدراوی (ددانزێڕ) لە بنکەی (ددان) و بنکەی (زێڕ) دروست دەبێت. (ددانزێڕ) بە واتای کەسێک، کە ددانی زەردی لە دەمدا بێت و ددانەکە لە زێڕ بچێت، یان ددانێکی بەزێڕکیفکراوی لە دەمدا بێت. (کری زاخۆ) کە لە لێکدانی دو بنکە بەهۆی (ی) دروست دەبێت. ناوی (کر) واتە قوماشێک، کە لە مەرەزی بزن دروست کرابێت. ناوی (زاخۆ)، کە ناوی شارێکە لە کوردستان. (کری زاخۆیی) واتە؛ (جۆرە کرێک کە لە زاخۆ و دەوروبەری دروست کرابێت، یان تایبەتمەندی ئەو جۆرە کرەی هەبێت، کە لەو دەڤەرە دروست دەکرێت). هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی کری زاخۆ بریتین لە؛ سافولوسی،

بە جەوهەر، نەخش ورد، ئەستور، بەسەنگ، ڕەنگاوڕەنگ[4]، ...هتد. وەک (کری مەرگە) و (کری هەورامان)، کە هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆیان هەیە.

شیکردنەوەی واتای وشە لێکدراوەکانی بواری لەیەکچونی ڕوکەشیش، کە لە دو بنکە پێکهاتون، بەم شێوەیەیە؛ وشەی (کفتەعەجەم) لە دو بنکە دروست دەبێت؛ ناوی (کفتە)، کە جۆرە خواردنێکە و ناوی (عەجەم)، ناوێکە بۆ تورکە ئێرانییەکان بەکاردێت. (کفتەعەجەمی) بریتییە لە (جۆرە کفتەیەک، کە عەجەمەکان دروستی دەکەن یان لە ڕوی پێکهاتەوە، چەشنی ئەو کفتانەن، کە لە عەجەمستان ئامادەدەکرێن). ئەم جۆرە کفتانە لە ڕوی پێکهاتەو تام و بۆن و ئامادەکردنەوە جیاوازن لە (کفتەڕواندزی)، (کفتەدۆغاو) و (کفتەی سابونکەران). وشەی لێکدراوی (مرادخانی)، کە لە دو بنکەی (مراد) و (خان) بەهۆی (ی) دروست دەبێت. قاتی (مرادخانی)، بە واتای؛ (جۆر قاتێک، کە بە شێوازی مرادخانی دروابێت.) یان جۆرە قاتێکە کە بە شێوازێک دیزاین کراوە و درواوە، لە جۆرە قاتە بچێت، کە لە ڕابردودا مرادخانێک دیزاینی کردوە یاخود بۆ مرادخانێک درواوە. ستایلی ئەم جۆرە قاتە جیاوازە لە قاتی (ستارخانی)، کە جۆرە دیزاینێکی ترە.

وشەی لێکدراوی تر هەیە، کە لە ڕوکەش و ناوەرۆکدا لێکچونی تێدایە. وەک وشەی (گوێزی ئیسرائیلی). گوێزی ئیسرائیلی جۆرە گوێزێکە، لە بنەڕەتدا نەمامی گوێزی ئیسرایلی بوە و گەشەی کردوە، یان گوێزی ئیسرائیلی لە کوردستان چاندراوە و بوە بە دارگوێزێک لە کوردستان. بەڵام ناوەکەی هەر گوێزی ئیسرائیلییە و لە شێوە و بەرگرتنیش لە گوێزی ئیسرائیلی دەچێت.

### 6.2.2ـ ڕەگەز

بواری ڕەگەز بواری پێکهاتەیەکی زانینییە، کە ناوێک بۆ ڕەگەزێکی زیندو دیاری دەکات. حاڵەتی جەستەیی و کۆمەڵایەتی نێریەتی یان مێیەتی نیشان دەدات. خۆی دو جۆر ڕەگەز هەیە بەڵام سێ لایەنی تێدا دەردەکەون؛ (نێر، مێ، بێلایەن)، کە هەر لایەنێک لە ڕوی مۆرفۆلۆجییەوە، دو بەشەڕۆنانی سەرکی هەیە؛ لایەنی نێر، کە تەنیا ڕەگەزی نێر دەگرێتەوە. وشە لێکدراوەکەی لە ناوێک و بنکەی (نێر) یان بنکەیەک واتای نێر بگەیەنێت پێک دێت (نێرە/کەڵە/.. + ناو) یان (ناو+ نێر). وەک وشەکانی؛ گیسکەنێر، نێرەکەو، نێرەکەر، کەڵەگا، ...هتد. لایەنی مێ، کە تەنیا ڕەگەزی مێ دەگرێتەوە. وشە لێکدراوەکەی لە ناوێک و بنکەی (مێ/ما) یان بنکەیەک واتای مێ بگەیەنێت دروست دەبێت (دەڵە/ دێڵە/ ما+ ناو) یان (ناو+ مێ). وەک وشەکانی؛ گیسکەمێ، گۆلکە مێ، ماکەو، ماکەر، دێڵەگورگ، دەڵەدێو،...هتد. لایەنی بێلایەن، کە هەردو ڕەگەزی نێر و مێ دەگرێتەوە. پێکهاتەی وشە لێکدراوەکەی بریتییە لە ناوێک و وشەیەکی ڕەگەز دولایەنی. وەک وشەکانی؛ کەرەکێوی، گیسکەگرو، باڕەکەو، نێرەموک، ...هتد.

وشە لێکدراوەکانی بواری ڕەگەز، کە هەر یەکەیان لە دو بنکە یان زیاتر دروست دەبێت، لە ڕوی واتاوە بەم شێوەیە شیدەکرێنەوە؛ وشەی لێکدراوی (گیسکەنێر)، بە لێکدانی دو بەشەڕۆنانی (گیسک) بە واتا (بەچکەی بزن، کە لەساڵێک بچوکتر بێت) و (نێر) بە هۆی ناوبەندی (ە)ەوە دروست دەبێت. (گیسکەنێر)

بە واتای (گیسکێک، کە ڕەگەزەکەی نێرە). وشەی لێکدراوی (گیسکەمێ)، بە لێکدانی دو بەشەڕۆنانی (گیسک) و (مێ) بە هۆی ناوبەندی (ە)ەوە دروست دەبێت. (گیسکەمێ) بە واتای (گیسکێک، کە ڕەگەزەکەی مێیە). وشەی لێکدراوی (گیسکەگرو)، بە لێکدانی دو بەشەڕۆنانی (گیسک) و (گرو) بە واتای (زیندەوەرێک، کە نەخۆشی گەڕی گرتبێت.)، بە هۆی ناوبەندی (ە)ەوە دروست دەبێت. (گیسکەگرو) بە واتای (گیسکێک، کە نەخۆشی گەڕی گرتبێت). دیارە گیسکەکە ڕەگەزەکەی دیاری نەکراوە و دولایەنە و بۆ گیسکی نێر و گیسکی مێ بەکاردێت. بەهەمان شێوە، وشەی لێکدراوی (نێرەکەر) واتا؛ کەرێک، کە ڕەگەزەکەی نێر بێت. (ماکەر) واتا؛ کەرێک، کە ڕەگەزەکەی مێ بێت و (کەرەکێوی) واتا؛ کەرێکی کێوی، کە ڕەگەزەکەی نێر بێت یان مێ.

**7.2.2ـ پیشەکار** (Agent hood)

بواری پیشەکار بوارێکی کۆزانیارییە بۆ دیاریکردنی ئەو کەسە نێر و مێیانەی وەک پیشە، کارێک ئەنجام دەدەن و چالاک و کاریگەرن لەناو کۆمەڵدا . وشە لێکدراوەکانی ئەم بوارە بەسەر چوار لایەندا دابەش دەبن؛ لایەنی یەکەم، کەسی شارەزا و دەستڕەنگین، کە شتی بەرجەستە دروست بکات. وەک؛ ئاش وەستا، دارتاش، کورتاندرو، ...هتد. لایەنی دوەم، کەسی قسەفرۆش، کە بە قسەکانی شیرازەی کۆمەڵگا تێکدەدات و پیشەی قسە هێنان و بردنە. وەک وشەکانی؛ قسەگێڕەوە، ئاژاوەگێڕ، دوزمان، ...هتد. لایەنی سێیەم، کەسی کاسبکار، کە چاودێری شتە بەرجەستەکان دەکات یان دەیانگوێزێتەوە یاخود دەیانفرۆشێت. وەک وشەکانی؛ گوڵفرۆش، گۆشتفرۆش، ...هتد. لایەنی چوارەم، کەسی هاونشین، کە دۆست، برادەر و هاونشین بێت. وەک وشەکانی؛ هاوپیشە، هاوپۆل، ...هتد.

هەر یەک لەم وشە لێکدراوانەی وەکو نمونە بۆ بواری پیشەکار لێرەدا بەکارهاتون، لە دو بنکەی سەرە و دیارخەر پێکهاتون. لە ڕوی ئەرکەوە وەسفی لایەنەکانی بواری پیشەکار دەکەن و لە ڕوی واتاوە بەم شێوەیەی خوارەوە شیدەکرێنەوە؛ وشەی لێکدراوی (دارتاش) لە ئەنجامی لێکدانی بەشەڕۆنانی یەکەم (دار) و بەشەڕۆنانی دوەم ڕەگی (تاش) دروست دەبێت. وشەی(دارتاش)، بە واتای؛ کەسێک، کە شارەزایی لە دروستکردنی کەلوپەل هەیە لە دار یان کەلوپەلی ناوماڵ لە دار دروست دەکات. وشەی (قسە گێڕەوە) لە لێکدانی دو بنکە دروست دەبێت، واتە لە بەشەڕۆنانی یەکەم (قسە) و بەشەڕۆنانی دوەم ( گێڕەوە) کە ڕەگی گێڕانەوەیە. (قسەگێڕەوە) بە واتای؛ کەسێک، کە پیشەی گێڕانەوەی قسەیە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، کە هەمیشە ئامانجی لەم قسەگێڕانەوەیە ئاژاوەگێڕی بوە. وشەی لێکدراوی (گوڵفرۆش)، لە لێکدانی وشەی (گوڵ) و ڕەگی کاری (فرۆش) دروست دەبێت. وشەی (گوڵفرۆش) بە واتای؛ کەسێک، کە پیشەی گوڵفرۆشتن بێت. وشەی (هاوپیشە) کە لە لێکدانی بنکەی (هاو) واتە هاوەڵ و بنکەی (پیشە) واتە کاری فەرمی یان کاری هەمیشەیی و بژێوهێن دروست دەبێت. (هاوپیشە) واتە؛ کەسێک، کە هەمان پیشەی کەسێکی تری هەبێت، یان بەیەکەوە کارەکەیان ئەنجام بدەن. بەهەمان شێوە وشەی (هاوپۆل) لە

بەشەڕۆنانی (هاو) کە واتای هاوەڵ دەگەیەنێت و بەشەڕۆنانی (پۆل) دروست دەبێت. (هاوپۆل)، کەسانێک کە بەیەکەوە لە یەک پۆل بخوێنن یان سەردەمێک بەیەکەوە لە یەک پۆلی خوێندن بوبن.

**ئەنجام**

لەم توێژینەوەیەدا، کە وشە لێکدراوەکانی کوردیی ناوەڕاست بەپێی تیۆری بواربەندی شیکراونەتەوە، لە سەرەتادا بوارەکان بە گوێرەی ئەزمونی ڕۆژانەی بەکارهێنەران ئەم جۆرە وشانە، بۆ دو کۆمەڵە دابەش کراون؛ (وشە لێکدراوە پۆل جیاوازەکان) و (وشە لێکدراوە پۆل لەیەکچوەکان). وشەکانی هەر یەک لەم دو کۆمەڵەیە، تایبەتمەندی ئەو بوارەی هەیە، کە تێیدا شیکراونەتەوە. جیاکردنەوەی لایەنی ناو بوارەکانیش ڕێگا خۆشکەرە بۆ زیاتر تێگەیشتن لە واتای وشە لێکدراوەکە و نیشاندانی تایبەتمەندییەکەی. لە ئەنجامی توێژینەوەکە گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

لە کۆمەڵەی یەکەمدا، وشە لێکدراوە پۆل جیاوازەکان، پێنج بوار بۆ وشە لێکدراوەکانی کوردیی ناوەڕاست دەستنیشان کراون، کە بریتین لە؛ مەبەست، دروستکردن، شوێن، هۆبون، بەراوردکردن, بەم شێوەیە:

| بوار | لایەن | جیاوازیيە واتاییەکان |
|---|---|---|
| 1. مەبەست | ئامراز | ئامرازی گەیشتن بە مەبەستێک |
| | تایبەتمەندی | تایبەتمەندیی ئامرازی گەیشتن بە مەبەستەکە |
| 2. دروستکردن | مادده | ماددەی دروستکردنی بەرهەمێک |
| | تایبەتمەندی | تایبەتمەندی ماددەی بەرهەمەکە |
| 3. شوێن | شت | ئەو شتەی لە شوێنێکە |
| | تایبەتمەندی | تایبەتمەندیی شوێنەکە |
| 4. هۆبون | هۆکار | ناوی ئەو هۆیەی ئەنجامێکی دەبێت |
| | ئەنجام | وەسفی ئەو ئەنجامەی بەهۆی هۆیەکە پەیدا دەبێت |
| 5. بەراوردکردن | شت | ناوێ ئەو شتەی بۆ بەراوردکردن دیاری دەکرێت |
| | تایبەتمەندی | تایبەتمەندی ئەو شتەی بەراورد دەکرێت. |

لە کۆمەڵەی دوەمیشدا، وشە لێکدراوە پۆل لەیەکچوەکان، حەوت بوار بۆ ئەم جۆرە وشانە جیاکراونەتەوە، کە بریتین لە؛ جوڵە، زیانلێکەوتن، بێبەشی، مەیلداری، لەیەکچون، ڕەگەز، پیشەکار, بەم شێوەیە:

| بوار | لایەن | جیاوازیيە واتاییەکان |
|---|---|---|
| 1ـ جوڵە | ئاراستەکردن | شوێنی ئاراستەکردنی جوڵەیەک |
| | ئامانج | ئامانجی ڕاستەوخۆی جوڵەیەک |
| | جوڵە | جوڵەجوڵی پابەند بە شوێنێک |
| | سنورداری | سنور دانانێک بۆ جوڵەیەک |

| | | |
|---|---|---|
| | دژبەیەکی | جوڵەیەک بە دو ئاراستەی دژبەیەک |
| 2ـ زیانلێکەوتن | لەناکاو | کارەساتێک لەناکاو ڕوبدات بەبێ پێشبینیکردن. |
| | درێژخایەن | کارەساتی پێشبینیکراو، کە ماوەیەکی زۆر بخایەنێت. |
| 3. بێبەشی | هەمیشەیی | بێبەشی شتێک بە بەردەوام و هەمیشەیی |
| | کاتی | بێبەشی شتێک بە شێوەیەکی کاتی |
| 4. مەیلداری | هوشیاری | بەوشیاری مامەڵەکردن لەگەڵ شتەکان و لێکدانەوەیان |
| | مەیلی خوازراو | مەیلی ژیرانە بۆ نیشاندانی ڕەفتاری خوازراو لە کۆمەڵگەدا |
| | مەیلی نەخوازراو | مەیلی خەیاڵی بۆ نیشاندانی ڕەفتاری نەخوازراو لە کۆمەڵگەدا |
| 5. لەیەکچون | ناوەرۆکی/ماددی | لەیەکچونی کانزاکان |
| | ناوەرۆکی/ تایبەتمەندی | لەیەکچونی تایبەتمەندیی شتەکان |
| | ڕوکەشی/ چەشن | لەیەکچونی چەشنی شتەکان |
| | ڕوکەشی/ شێوە | لەیەکچونی شێوەی شتەکان |
| 6. ڕەگەز | نێر | تەنیا ڕەگەزی نێر |
| | مێ | تەنیا ڕەگەزی مێ |
| | بێلایەن/دولایەن | بەبێ ڕەگەز یان هەردو ڕەگەزی نێر و مێ |
| 7. پیشەکار | شارەزا | کەسی شارەزا، کە شتی بەرجەستە دروست بکات |
| | قسەفرۆش | کەسی قسەفرۆش، کە بە قسە کۆمەڵگا دەشێوێنێت |
| | کاسبکار | کەسی کاسبکار، کە کاسبی بە شتی بەرجەستە دەکات |
| | هاونشین | کەسی هاونشین، کە دۆست و هاوپیشە و هاونشین بێت. |

# Compound words of Central Kurdish from the perspective of configuration theory

**Ali Hamad Osman[1] - Diler Sadiq Kanaby[2]**

[1]Kurdish Department, Faculty of Education, Soran University Soran, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Kurdish Department, Faculty of Arts, Soran University Soran, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

This study is entitled "Compound Words of Central Kurdish from the Perspective of Configuration Theory". to analyzes compound words from the perspective of Configuration theory. The scope is within the framework of Cognitive Morphology based on Zaki Hamawand (2011). The importance of this research is the originality as the first work in Kurdish language on the mentioned field above. The concept and meaning of compound words are changed, according to people's view and experiences. They fall into different domains, which is the problem. The aim of the study is to find a solution from the perspective of configuration theory for it, and identify the domain and facet, that include Central Kurdish compound nouns and compound adjectives. The focus is only on compound nouns and adjectives among compound words for analysis process. In addition to the researcher's interest and being native in the targeted language, the used materials are taken from library data that are used as sources in the study. The paper consists of an introduction, two sections, conclusions, and the list of references. As a result, the domains and facets that contain Middle Kurdish compound nouns and compound adjectives are identified, which are explained by distinguishing two kinds: first, Compound words in Inter-class words. Second, Compound words in Intra-class words.

**Keywords:** Configuration, Compound Words, Cognitive Morphology, Domain, Facet.

## سەرچاوەکان:

ئەحمەد، نازەنین جەلال (٢٠٠٤). وشەی لێکدراو لە دیالێکتی کرمانجی خواروی زمانی کوردیدا (لە ڕوی ڕوخسار و ناوەرۆکەوە). بەغدا: کۆلیجی پەروەردە ـ ئیبن ڕوشد ـ زانکۆی بەغدا. نامەی دکتۆرا.

باپیر، دلاوەر شوکری (2021). شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازە بەندەکانی زمانی کوردی لە ڕوانگەی واتاسازیی زانینییەوە، سۆران، کۆمەڵگای فەرهەنگی ئەحمەدێ خانی.

حەسەن و تاهر، عەبدولسەتار فەتاح و ئەنوەر محەمەد (2000). فەرهەنگا مامۆستای بۆ قۆناغا سەرەتایی. کوردستان ـ هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

مەحوییی، محەمەدی (٢٠٢١). مۆرفۆلۆژیی و بەکەکداچونێ پێکهاتێکان مۆرفۆلۆژیی کوردی بەرگی یەکهەم و دوهەم چپ یەکهەم. سلیمانی: چاپخانەی کارۆ.

نەبی، ڕێبوار ئەحمەد (٢٠١٥). پەیپێبردنی شاوەچە لە سێمانتیکی درکپێکردن لە زمانی کوردیدا. سۆران: (نامەی ماستەر زانکۆی سۆران چاپنەکراوە)

شەرەفکەندی، عەبدلڕەحمانی (هەژار) (١99٠). هەنبانەبۆرینە چپ/2. تەهران: انتشارات سروش.

شێخانی،عەبدولوەهاب (2٠٠9). فەرهەنگی شێخانی. هەولێر: دەزگای موکریانی.

خاڵ، محمد ( ١96٠، 1964، 1976). فەرهەنگی خاڵ ب 1،ب2، ب3. سلێمانی: چاپخانەی کامەران.

خۆشناو، شیروان حوسێن (2016) توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا . هەولێر :دەزگای چاپ و پەخشی نارین.

خۆشناو، شیروان حوسێن (2024) . مۆرفۆلۆجیی زانینی، محازەرەکانی خوێندنی باڵا ـ دکتۆرا، سۆران، زانکۆی سۆران. لە 2024/2/8.

FATAH, AZAD HASAN (2012*). A COGNITIVE GRAMMAR ANATYSIS OF SUFFIXES IN ENGLISH AND KURDISH.* Sulaimani: (PhD in University of Sulaimani- English Department).

Hamawand, Zeki (2011). *Morphology in English Word Formation in Cognitive Grammar.* London: Continuum International Publishing Group.

KATAMBA, FRANCIS (2006) . *MORPHOLOGY 2ed.* China: PALGRAVE MACMILLAN.

Quirk et al., Randolf (1987) .*A COMPREHENSIVE GRAMMAR OF THE ENGLISH LANGUAGE 5th.ed* .London and New YORK: PERSON, LONGMAN.

Quirk R. et al (2003). *LONGMAM Dictionary of Contemporary English.* China: Pearson Education Limited.

Hogan, Dennis et al (2009). Collins COBUILD Advanced Dictionary.of English. China, HEINLE CENGAGE Learning.

ICLA, INTERNATIONAL COGNITIVE LINGUISTICS ASSOCIATION(2024). About Cognitive Linguistics
Histirical Background, (Online), Cognitive Linguistics ICLA. 22th March 2024.
CAMERON-FAULKNER T.(2002). J. R. TAYLOR, Cognitive grammar (Online). Oxford: Oxford University Press. Pp. xii+621. Journal of Child Language. 2004;31st. Feb.:421-424.

https://www.cognitivelinguistics.org/en/about-cognitive-linguistics
https://hamariweb.com/dictionaries/configuration_arabic-meanings.aspx
https://www.oxfordlearnersdictionaries.com/definition/english/configuration
https://www.vocabulary.com/dictionary/configuration

## پەراوێزەكان:

1 لەم توێژینەوەیەدا، زاراوەی زانینی لە بەرانبەر (cognitive) داندراوە. هەرچەندە زاراوەكانی (دركپێكردن، درككردن، مەعریفی و كۆگنەتیڤ، ...)یش بەكارهاتون، بەڵام ئێمە زاراوەی (زانینی)مان داناوە، چونكە ڕیشەكەی لە زمانی كوردی دایە. گرفتی فرە زاراوەیی لە كوردی و زمانەكانی تریش هەیە. هەمان زاراوەی (زانینی) لە زمانی عەرەبیدا زاراوەكانی (المعرفي، الادراكي، العرفاني، ...الخ) بەكارهاتون. ئەو گرفتە لە زۆر توێژینەوە كوردییەكاندا هەیە و كێشەی یەكلاكردنەوەی ئەم زاراوانە، پێویستە لە چوارچێوەی پلانی زمانیی چارەسەر بكرێت.

2 لە تیۆرەكەدا سێ لایەنی دەستنیشان كردوە، وەك نمونە بۆ ناوی لێكدراو، هاوەڵناوی لێكدراو و كاری لێكدراو، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا لایەنی كار فەرامۆش كراوە، چونكە كاری لێكدراو لە زمانی كوردیدا، لەسەر بنەمای سینتاكسی دروست دەبێت.

3 ئامرازی (بێ) كە فۆرمی سادەی ئامرازی (بەبێ)یە، لێرەدا واتای بنەڕەتی بێبەشی لەخۆ دەگرێت. ئامرازەكانیش وشەی ڕێزمانین. (باپیر 2021: 242-245) چونكە (بێ) وشەیەكی ڕێزمانی واتادارە، كەواتە دەشێت ببێتە بەشەڕۆنانێكی وشەیەكی لێكدراو.

4 مەرەز ڕەنگی سروشتیی جۆراوجۆری هەیە وەك؛ زەردی كارەبایی، سۆری تاری، ڕەشمەرەز، كوشی، سپس، شین، ...هتد.